**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٧/٩/ ١٢٥ لە ١/١٢ ٢٠١٦**

**بەپێی ماددەی ( ٢ ) لە یاسایی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ سەبارەت بە چۆنیەتی خەرج کردنی کرێی هاتووچۆی سەرپەرشتیارانی میلاکی وەزارەتی پەروەردە تکایە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی ڕێنمایی خوارەوە بکرێت:-**

**ڕێنمایی ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٦**

**یەکەم: خەرجی هاتووچۆی سەرپەرشتیاران لە ناو شارەکان بۆ هەر سەردانێك بڕی (٧٠٠٠) حەفت هەزار دینار خەرج دەکرێت .**

**دووەم: خەرجی هاتووچۆی سەرپەرشتیارانی (بنەڕەتی) دەرەوەی شارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە خەرج دەکرێت:**

**١- بۆ ئەو سەردانانەی دووریان لە (٣٠ کم) کەمترە بۆ هەر سەردانێك بڕی (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار خەرج دەکرێت .**

**٢- بۆ ئەو سەردانانەی دووریان لە (٣٠کم) و زیاترە بۆ هەر سەردانێك بڕی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار خەرج دەکرێت**

**سێیەم:خەرجی هاتووچۆی سەرپەرشتیارانی (ئامادەیی) دەرەوەی شارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە خەرج دەکرێت:**

**١- بۆ ئەو سەردانانەی دووریان لە (٣٠ کم) کەمترە بۆ هەر سەردانێك بڕی (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار خەرج دەکرێت.**

**٢- بۆ ئەو سەردانانەی دووریان لە (٣٠ تاکو ٥٠ کم) ە بۆ هەر سەردانێك بڕی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار خەرج دەکرێت .**

**٣- بۆ ئەوسەردانانەی دووریان لە(٥٠کم) زیاترە بۆهەر سەردانێك بڕی (٤٠,٠٠٠) چل هەزار دینارخەرج دەکرێت**

**چوارەم: نابێت لە ڕۆژێکدا لە (١) یەك سەردان زیاتر هەژمار بکرێت .**

**پێنجەم : کرێی سەردان خەرج دەکرێت لە سەر بنەمای فەرمانی کارگێری و پشتگیری ئەو قوتابخانانەی کە سەردانی کردوون لە مانگەکەدا و پێویستە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پەیوەندیدارەوە پەسەند بکرێت .**

**شەشەم: هەردوو خاڵی (یەکەم و دووەم) ی سەرەوە بۆ ئەم سەرپەرشتیارانە خەرج دەکرێت کە بە کردەیی (فعلی) سەردانی قوتابخانەکان دەکەن و ئەوانەی کە سەردانی قوتابخانەکان ناکەن بۆیان خەرج ناکرێت .**

**حەفتەم: لە کاتی پشووی هاوینە دەرماڵەی هاتووچۆی سەرپەرشتیاران خەرج ناکرێت جگە لەو مانگانەی کە تاقیکردنەوە تێیدا ئەنجام دەدرێت و یان هەندێك بارودۆخی تایبەتمەند و لە ناکاو.**

**هەشتەم: نابێت لە هیچ حاڵەتێکدا ژمارەی سەردانەکان لە (١٢) دوانزە سەردان زیاتر بێت کە لە فەرمانی وەزاریتان ژمارە / ١٧٤٢ لە ٢٠١٣/١/٢٧ هاتووە.**

**نۆیەم: کار بە هیچ ڕێنمایی و نووسراوێکی تر ناکرێت تایبەت بەم بابەتە .**

**دەیەم: ئەم ڕێنماییە لە بەرواری ٢٠١٦/١/١ ەوە جێبەجێ دەکرێت .**

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**